# ئاوڕدانەوەیەک لە ماکس ڤیبەر

ئا: عەبدولڕەمەزان عەلی

مێژوونووس، فەیلەسووف و کۆمەڵناسی ئەڵمانی لە ساڵی ١٦٨٤ی زایینی لە شاری ئێرفۆرتEffort ی هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە لە دایکبووە، لە بێرلەن دا نێردرایە قوتابخانەو باوکی پیاوێکی مافزان بوو کە لە سیاسەتیشدا دەستی هەبوو، دایکی خاتوونێکی بەدین و مرۆڤدۆست بوو. لەو دەمەدا کە هێشتا لاوێ زێدەتر نەبوو، لایەنگرانی زانست و پیاوانی سیاسی دەبینی کە هات و چوونی ماڵی باوکیان دەکرد تاڕادەیەك ئەم شوێنە وەکو سەنتەرێکی کولتووری لێهاتبوو، باسگەلێکی ناوەڕۆکدارو درێژی تێدا دەکرا، لەوانەیە ئەم وتووێژانە لە هاندانی ئەو بۆ لێکۆڵینەوەکانی دواتری کاریگەربووبێت. پانتایی خوێندنەوەکانی بەربڵاوبوو، بابەتگەلێکی وەك، ئابووریناسی (Economics) مێژووHistory) ماف (Law) فەلسەفە (Philosophy)، خوداناسی Theology لە خۆ دەگرت، ئەو لەگەڵ ترادیسۆنی (Idealism)ی ئەڵمان گەورە ببوو، نەخوازراو بۆ چەمکگەلێکی وەك رۆح و بایەخە مرۆڤیەکان تێبینی هەبوو و هەر لەم روانگەوە بڕوای پەیداکرد کە مرۆڤ وەك هەر بوونەوەرێکی تر بەتەنیا شوێنکەوتووی بێ مەرج و ژێردەست و دەسگەمەی مێژوو نییە، بەڵکو لە جووڵاندنەوەی مێژوودا رۆڵێکی چالاکی لە ئەستۆیە ئەو لە هەمبەر هەلومەرجی هەنووکەییدا کاردانەوە نیشان دەدات، لەبەرئەوەی لە لایەکەوە بەکردەوە ئیشی سیاسی دەکردو لە لایەکی ترەوە هەوڵیدەدا بۆ سازکردنی کۆمەڵناسییەکی زانستی. لە ١٨٨٢ تا ١٨٨٣ (یەك

لــە دوای یــەك لــە زانکۆکــانی هایــدێلبێرگ (Heidelberg) و بێرلــەن و گویــشن گــن (Gottiongen) بەدوای خوێندنی مافەکاندا چووە، لە ١٨٨٩دا تێزی دکتۆرای خۆی کە ڤەکۆڵینك لەسەر (مافە بازرگانییەکانی سەدەی ناوەڕاست) تەواو کردو، ئەو کات دەستی دایە لێکۆڵینەوەیەکی درێژخایەن لە بواری مێژووی سیاسی و مافەکان و بەتایبەت مافەکانی تایبەت بە دەزگای زەویندای رۆم. لە ١٨٩٠دا لە لایەن سەنتەری سیاسەتی کۆمەڵایەتییەوە بوو بەبەرپرسی لێکۆڵینەوەی هەڵومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی چینی وەرزێری وڵات. لە ١٨٩٤ تا ١٨٩٧ وەکو مامۆستای زانستی ئابووری لە زانکۆی فرایبۆرگ و زانکۆی هایدێلبێرگ وانەی وتەوە، لەوکاتە بەدواوە بەتوندی تووشی نەخۆشی تێکچوونی مێشك هات و لە ئاکامدا لە چالاکی داهێنەری زانستی و بەتایبەت چالاکی زانستی زانکۆ وەدواکەوت و لەوە بەدوا ئەو هیچ کات سەلامەتی خۆی بەتەواوی وەدەس نەهێناوە. لەسەر ئەو بنەمایە لە ساڵەکانی بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان، خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەکانی خۆی بەنیوەچڵ بەرەو پێش دەبرد، بۆ ماوەیەك سەرنووسەری بلاڤۆکی زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بوو، لەکاتی شەڕدا ئیدارەی خەستەخانەی سەربازی هایدێلبێرگی وەئەستۆ گرت، لە کۆتایی هێنان بەشەڕو دانانی یاسای کۆماری وایمار کە لە ١٩١٩ تا ١٩٣٣ بەردەوام بوو رۆڵێکی گرنگی گێڕا، بۆ ماوەیەکیش بوو بە مامۆستای زانستی زانکۆی ڤیەن و لە واوادا ساڵی دا بەکورسی ئابووریناسی زانکۆی مونیخ و لە ئاکامدا لە ساڵی ١٩٢٠دا لەدونیا دەرچوو.

**بەرهەمە گرنگەکانی ڤیبەر**

ئەو یەکەمین بەرهەمی خۆی (مێژووی زەویندای رۆم) لە ساڵی ١٨٩١دا بڵاوکردەوە، کتێبی (ئاکاری پرۆتێستان و رۆحی سەرمایەداری) The Protestant Ithacan: The Spirit of capitalism کە لەراستیدا یەکێ لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانییەتی لە ساڵی ١٩٠٤ بڵاویکردەوە، بەم شێوازە کتێبی ئایینە رۆژهەڵاتییەکان کە هەڵگری خوێندنەوەیەکی بەربڵاوە لەسەر ئایینی کۆنفۆشیۆسی و تائۆئیزم لە چیندا، هێندوخوازی و بوداخوازی لە هیندستاندا لە ساڵی ١٩٢٠ بڵاوکردەوە. پەرتووکی پڕ بایەخی (ئابووری وکۆمەڵگا and Economy Society) کە بەرهەمێکی ناتەواوە لە ساڵی ١٩٢١ یانێ ساڵێك پاش مەرگی نووسەر خرایە بەردەستی خوێنەران. ڤیبەر ئاسەوارگەلێکی تری بەدیهێناوە کە نیشاندەری هزری قووڵ و وردبینی ئەوە لە کۆمەڵگادا کە لە دوای مەرگی

بڵاوبوونەتــەوە. پەرتووكگــەلی وەك (میتۆدۆلــۆژی زانــستە كۆمەڵایەتییــەكان) ( methodology of Social Science) و تیۆری رێكخستنی ئابووری و كۆمەڵایەتی:

Theory of economic and Social organization و (چـــــەمكە بنەماییـــــەكانی كۆمەڵناسی) Basic concepts of Sociology و شار the cityو كۆمەڵناسی دیـن ( Sociology of Religion). لەســەردەمی ڤیبــەردا ئــەڵمانیا تووشی گۆڕانێكی قووڵی سیاسی و كۆمەڵایەتی بــوو بەتایبەت تاكــە ئازادیخوازەكــان ژیانیــان دژوار بــوو. چــینی ئاریــستۆكراتی دەوڵەمەنــد كــە زەوینێكــی بەربڵاوی كشتوكاڵی و دەسەڵاتی میلتـاری ولاتیـان لە دەستدابوو لە هەمبەر بزاڤی دیموكراتی راوەسـتان و داخوازییەكانی خەڵكیان لــە بــواری ئــازادیخوازی و گۆڕانــە كۆمەڵایــەتی و ئابوورییــە بەســوودەكان لەبەرچــاو نــەگرت. سۆسیالیــستەكانیش بەرەوشــی مــاركس لــە شۆڕشـــی كرێكــاری دەدوان، بــەڵام لیبراڵەكان لەراستیدا بێ پەنا بوون، لەبەرئــەوەی نــە كەسێكیان هەبوو كــە رووی تــێ بكــەن و لــە دەوری كۆببنەوەو نە ئایدۆلۆژیایەكی بەهێزیان پێ بـوو كــە لــەوەوە ئیلــهام وەرگــرن، ئــەمان جــەختیان لەســەر ناسیۆنالیزم و بیرۆكراتیــی دەوڵــەتی دەكـردو تیــۆرە سیاسییەكانی خۆیــان لــەو بوارانــەدا بڵاودەكـردەوە. ڤیبەر لەگەڵ چەپەكان و راستەكان بەشـەڕ دەهــات و بانگەشەكانیانی بە خەیاڵی و هەڵــە دەنرخانــد. ئــەم ڤەكۆڵــــەرە كۆمەڵایەتییـــــە كـــە تـــا دوارۆژ وەك ناسیۆنالستێك مایەوە، هەموو كات لە چارەنووســی كۆمــەڵگای خــۆی دەفكــری. لەبەرئــەوەی ولاتەكــەی تێكەڵی شەڕێكی ماڵكاولكەر دەبــینی كــە هــەموو شتێكی بەرەو لەناوچوون دەربــرد. بــەم هۆیــە دەبــێ بیێژین كە كۆمەڵناسی ڤیبــەر بــاس لــە ترســان لــە كارەســاتێكی بــەردەوام دەكــات و خۆیــشی وەكــو (ئەرمیای) پێغەمبــەرە كــە لــە ســەدەی بیــستەمدا خولقاوە تاكو پێشبینی هەڵومەرجی دژواری داهاتوو بكــات و پــەیامی خــۆی بەخــەڵكی رابگەیــەنێ. بەواتایــەكی تــر داهاتوویــەك كــە ئــەو دەیبیــنێ دڵخۆشكەر نییەو لەگەڵ رەشی تێكەڵە. لــەم بــوارەدا ئەو لە هەمبەر ماركس دایــە. لەبەرئــەوەی مــاركس سەرەڕای ئەو هەموو بەرتەســكایەتی مــادی، ژیــانی تاكەكەســی خــۆی، ئــاوا دەفكــرا كــە كۆمــەڵگای مرۆڤایەتی بەزووترین كات هەرچەشنە شەڕو ستەم و دابڕانی چینایەتی و كەمایەتییەكانی تر لە گۆڕەپانی ژیانی كۆمەڵایەتی وەلا دەنێن و بەژیانێكی ئارمــانی دەگەن. ڤیبەر لە ئابووری و سیاســەت و مافــەكان و مێژوو هونەرو ئەدەبیاتەوە ئینتیمای بۆ كۆمەڵناســی پەیداكرد، شایانی باسە سیستەمێ كە ئەو بەرهەمی هێناوە ئەمانەی ژێــرەوە لــە خــۆدا جــێ دەكاتــەوە. كۆمەڵناســیی سیاســی، كۆمەڵناســیی ئــابووری، كۆمەڵناســـیی دیـــنی، كۆمەڵناســـیی مافـــەكان،

کۆمەڵناسیی هونەر، کۆمەڵناسیی تەکنۆلۆژیا. سەرەڕای ئەمانە ئەو لە چەمکگەلێ وەك (دیوان سالاری) (Beuocracy). (شارنشینی) (Urbanization) و (شەرعیەتی دەسەڵاتی) (Power legitimacy) و دەزگای خاوەنداریێتی میرات (Potrimanialism) و کاریزمای پێشنیارکردو بەشێوازێکی زانستی کەڵکی لێ وەرگرتن. ڤیبەر پیاوی خوێندنەوە بوو هەر لەم سۆنگەیەوە بەشێکی گەورە لە زانستەکانی سەردەمی خۆی بەرچاوخست و سەفەری زۆری کردو کوڵاو لە ئاکامدا توانی خوێندەوەیەکی گرنگی (تەتبیقی) ئەنجام بدات. سەرەڕای ئەمانە لە سایەی خۆشەویستییەك کە بۆ مێژوو هەیبوو، ئەوی هاندا کە لەسەر کۆمەڵگاو هەروەها جڤینی ژیارە مرۆڤایەتییەکان ڤەکۆڵین بکات و بۆ ئەم ڕێگایە لە کۆمەڵناسی کەڵك وەرگرێ.

**میتۆدۆلۆجی**

لە روانگەی ڤیبەرەوە (دیاردەی کۆمەڵایەتی — Social phenomena) هەڵگری کردەوەیەکە کە لە بوونەوەری مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات. ئاوەها کردەوەیەکە کە مانا لە خۆیدا دەگرێ و هەر ئەم مانایەیە کە سەرنجی کۆمەڵناس رادەکێشێ. بەوتەیەکی تر کۆمەڵناسی لەوە دەگەڕێ مانای ئەو شتە بگەیەنی کە ڤەکۆڵینی لەسەر دەکرێ. ئەو جەخت دەکات کە بەبێ ئاوها وەرگرتنێ، کۆمەڵناسی لانی کەم ناتوانێ کارەساتە کۆمەڵایەتییەکان وەسف بکات. لەبەرئەوەش دەبێ ببێژین ڤیبەر لە بواری میتۆدۆلۆژیەوە گرێدراوی ترادیسیۆنێکە کە بەدەستی کانت و هێگل و دیلتای Dilthe و ریکێرت Rickert و سەبارەت و ڤەکۆڵەرین دن سازکرایە. دیلتای بەجەختکردن لەسەر بەکارهێنانی میتۆدی زانستی لە خوێندنەوە مرۆڤییەکاندا، ئاشکرای کرد کە ڤەکۆڵەری کۆمەڵایەتی دەتوانێ لە رەوتی ڤەکۆڵینەدا لە تەکنیکگەلی وەك (بینین Observation) و (لێکدانەوە Description) (پۆلێنکردنی Classification)، (گشتگیری generalization) (پێوان compassion) و (ئەزموون کرنی گریمانەکان Testing of hypotheses) کەڵك وەرگرێ. بەڵام لەسەر ئەم بابەتە پێ داگری دەکرد کە بەتەنیا ئاوها میتۆدێك بۆ گەیشتن بەحەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکان بەش ناکات و هەر لەم روانگەوە دەبێ لە میتۆدی فامکردن یا تەفسیر کەڵك وەرگیرێ.

بە ڤێ ئاوایە رەوشی تەفسیری Method of understanding تەنیا تایبەت بەواقیعە کولتوورییەکان و ئیشی بە مادەی بێ گیان نییە. ئەوەی کە ئێمە فامی دەکەین هەر ئەو مانایەیە کە تاکەکانی مرۆڤ لەیەك Situation دۆخی

کۆمەلآیەتیدا فامی دەکەن یان بۆ خۆیان ئەم مانایە دەدەن بەم دۆخە کۆمەلآیەتییە. هاوکات لەگەڵ بۆچوونی دیلتای، ئەوەی کە خەڵکی ژیان ئەزمون دەکەن و ئەو لەگەڵ مانادا وەردەگرن و ئەم مانایە بە یەکتر دەگەیەنن و پرۆسەی ئەم گەیاندنەش فام دەکەن و وەری دەگرن، ئەوە روون دەکاتەوە کە لە هەرێمی پەیوەندییەکانی مرۆڤیشدا دەتوانین میتۆدۆلۆژی زانستی بەکاربهێنین و ڤەکۆڵینیش بکەین. جێگای ئاماژەیە کە تیۆری تەفسیری دیلتای کە خۆی لەسەر بنەمای (تیۆر مانا)Theory of Mean بوو، بواری بۆ میتۆدۆلۆژی ڤیبەر خۆش کرد.

### کردەوەی کۆمەلآیەتی Social Action

ڤیبەر چەمکی کردەوەی کۆمەلآیەتی لە هەموو بەرهەمەکانی خۆیدا دەخەملێنێ و بەکاری دێنێ. ئەو دەبێژێ: کردەوەی کۆمەلآیەتی زەمانێ بەئەنجام دەگات، کە تاکەکانی مرۆڤ لە راستیدا خۆیان هۆکاری کردەوەن لە یەکتر ئاگاداربن و بەهەڵسوکەوتی خۆیان و رەوشێ کە لە هوندووری شەبەکەی پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکاندا هەیانە مانا ببەخشن، لە راستیدا ئەرکی کۆمەڵناسی ئەمەیە کە بەتایبەت فاکتە کۆمەلآیەتییەکان لە باری ماناوە فام بکات. بەوتەیەکی تر بۆ ئەوەی ئاگاداربین کە چۆن تاکگەلی مرۆڤ سەیری جیهان و کارگەلی مرۆڤ دەکەن دەبێ بڕۆینە ناخی زانیاری ئەوانەوە. ڤیبەر بۆ گەیشتن بەم ئارمانجە میتۆدی تەفسیری خۆی کە دەتوانین ناوی (دوانین بۆ هوندور لەگەڵ هاودەردی) Sympatric Introspection لەسەر دابنێین هێنایە ئاراوەو جەختی لەسەر ئەم خاڵە کرد، بۆ ئەوەی بتوانین بڕۆینە ناو دونیای زەینی تاکەکانەوەو پێویستە سەرقاڵی هەلومەرجێك بین کە ئەوان تێیدا بن. هەروەها دەبێژێ کە بەبێ تەفسیر یا فامکردنی قووڵی مانای کردەوەی کۆمەلآیەتی، هەر چەشنە راڤەی هۆکارو ئامارێك لە واقیعی کۆمەلآیەتی هەڵەو نادروستە. ئەڵبەت لەمپەرە کولتوورییەکان وەك نۆرم و بایەخ و هزرەکان کاریگەرییان لەسەر کردەوەی کۆمەلآیەتی مرۆڤ هەیەو هەڵسوکەوتی ئەو بەرتەسك دەکەنەوە. هەر لەم روانگەیەوە ڤیبەر لە هەمبەر برێ لە ڤەکۆڵەرانی تر، لە راڤەی خۆی لەسەر جوولآنەوەی کۆمەلآیەتی Social dynamic، بەتوندی جەخت لەسەر بایەخە مرۆڤییەکان و دین و نۆرمە کولتوورییەکان دەکات.

**رونکردنەوە: تاکی مرۆڤ**

**یەك:** لە چوارچێوەی ئەو دامەزراوەگەل و نەریت و هەلومەرجە کەلتوورییەدا کە خۆی سازی کردووە. خەریکی کردەوەی کۆمەلآیەتییە.

**دوو:** بەدیاریکردنی ئامانجگەلێکی تایبەت چالاکی خۆی پاساو دەداتەوە.

**سێهەم:** بایەخ و ئامانجە تایبەتەکان هانی دەدەن و بەرەو پێشی دەبەن.

لە ئاكامدا خاڵێك لە كۆمەڵناسی ڤیبەر كە شایانی جەختە ئەوەیە كە تاكی مرۆڤ خۆی هۆكار یا سەرچاوەی كردەوەی كۆمەڵایەتییە. لەگەڵ ئەمانەشدا تاك بەكردەوەی كۆمەڵایەتی خۆی مانای زەینی دەبەخشێ، ئەمەش دەزانین كە ناتوانین لە نێوان كردەوەی مانادارو كردەوەی بێ مانای پەتیدا بەسانایی سنوور دابنێین. سەرەڕای ئەمانە بەشێكی گرنگ لە هەڵسوكەوتی مرۆڤ كە بەگشتی هەڵسوكەوتی ترادیسۆنی پەتییە، لە نێوان كردەوەی مانادارو كردەوەی زایەڵەیی یان بێ مانادا دەوەستێ. زێدەتر لەمە فرەیەك لە ئەزموون گەلی شهوودی و عیرفانی كە لە ڕێگای كەرەستە مرۆڤییەكان و بەتایبەت زمان شایانی هات و چوو دیاری كردن نین. بۆ تاكێك كە لەم وەرگرتنانە بێ بەرییە نایەتە فامكردن. لەبەرئەوەی بتوانین راستی تەفسیری خۆمان لە بارەی مانای دیاردەیەكەوە هەڵسەنگێنین. دەبێ خۆمان لە جێگای تاكگەلی تر دانێین. هەروەها لە ڕێگای (حسی) یەوە هەوڵ بدەین بڕۆینە ناو ناخی ئەزمونەكانیانەوە.

## جۆرەكانی كردەوەی كۆمەڵایەتی

كردەوەی كۆمەڵایەتی لەسەر ئەو بنەمایەی كە روو لە كوێ دەكات دەبێ بەچەند بەشەوە:

یەكەم ئەقڵی: بەم مانایە كە تاك ئامانجێكی تایبەت بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و لە هەلومەرجی دەرەوەو تاكەكانی تر بۆ گەیشتن بەو ئامانجە كەڵك وەردەگرێ، دووهەمینیش ئەقلانییە، لەسەر ئەو ئەساسەی كە تاك بەسەرنجدان بەنەریتە ئەقڵییەكان راستەوخۆ بۆ گەیشتن بەبایەخە ئاكارییە رەهاكان و دین و خواناسی هەوڵ دەدات و لەم ڕێگایەدا زاتی بایەخ بۆ ئەو گرینگە و بیر لە بەرژەوەندی مادەو سەركەوتنی رواڵەتی ناكاتەوە. سێهەم: ئەوەیە كە تاك لە كردەوەی كۆمەڵایەتی خۆیدا بەرەو عاتیفەو هەست دەكشێ و بەرێگەگەلێكی جۆربەجۆر ئەوان دەربڕ دەكات. لە ئاكامدا لەوانەی كردەوەی كۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای عادەتێكی كەون بێ و لەسەر بنەمای ترادیسۆنەوە روودات.

## رۆژئاوای ئەوروپا

هاودەنگ لەگەڵ بۆچوونی ڤیبەر، شارستانیەتی رۆژئاواو ئەوروپا لە نێوان ژیارە مرۆییەكانی دیكەدا خاوەن دۆخێكی تایبەت بووە. ئەوەی بووەتە هۆی ئەم بارودۆخە بێ وێنەیە بێجگە لە ئەقڵخوازی (Rationalism) خەڵكی ئەم بەشە لە جیهان نییە. بەئاوایەكی تر مرۆڤی رۆژئاوا لە كردەوەی كۆمەڵایەتی خۆیدا بەگشتی (ئاوەزخوازە) (Rationalist) هاتووە ئەژمار. بەم مانایە كە ئامانجێكی مادی دیاریكراوی لە پێش دایەو بۆگەیشتن پێی لە هەموو ئامێرەكانی خۆی كەڵك وەردەگرێ. بە وتەیەكی راشكاوتر، كولتووری رۆژئاوا

وەکو چاندێکی باژێری وشك و بێ ڕۆحی لێهاتووەو ئەم جوڵانەوەیــە تــەواوی لایەنــە ئاشــکراکانی ژیــانی ئەوروپییــەکانی لــە خــۆدا گرتــووە. مرۆڤــی رۆژئــاوا تێڕامــانی فەلــسەفی و وەرگــرتنی ئەشــراقی و ژیــانی ئابووری و تەکنۆلۆژیاو ڤەکۆڵینی زانستی و تــەکنیکی میلتــاری و یاســاو دەوڵــەت و هــەمووی پێوەندییــە کۆمەلایەتییەکان شــوێنکەوتووی پرەنــسیپی وشــك و ئەژمارکارانە کردووەو بۆ هەر کام لەم کارانە ئامانج و بایەخگەلێکی لەبەرچاوگرتووە. جارێکی تــر پێویــستە ببێژین کە، ماکس تێدەکۆشــێ هۆکارەکــانی روودانــی کارەســاتێکی گــەورە، یــانی (ژیــاری پیــشەسازی) بدۆزێتــەوە، بــۆ گەیــشتن بــەم ئارمانجــە زانیارییــە ئابوورییەکانی خــۆی پەرەپێــدەدات و لــە مافــەکان و رامیاری و دین کــەڵك وەردەگــرێ و تــاکو لــە نێــوان خزمایەتی مرۆڤ و توێژبەندی کۆمەلایــەتی ( Social Strratification) و بیرۆکراتــــــی و شــــــەڕدا پێوەندیگەلێك ســاز بکــات. لــە لێکدانــەوەی گۆڕانــە ئابوورییەکاندا لــە روانگــەی کۆمەڵناســیی مێــژووەوە ســــەیری جیهــــانی دەکــــردو رای حەکیمــــە تەکامولخوازەکان و لایەنگرانی فەلسەفەی مێژووی کــە لەسەر گەڕانی مێژوویی جەختیان دەکرد بەهیچ نەزانی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بەکارهێنا تاکو لــە ڕێگــای چاوخشاندن بە هەڵسوکەوتی کۆمەلایەتی تاکــەکان و ئۆرگانگــەلێك کــە مــرۆڤ پێکهێنــاوە بــەتێڕوانینێکی گشتی بگات سەبارەت بەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

## توێژبەندی کۆمەلایەتی

## (Social stratification)

کۆمەڵناسی ڤیبەر لەسەر سێ چەمکی ئەساسـی رۆنراوە، یانێ توێژبەندی کۆمەلایەتی و رێکخـستنی کۆمەلایەتی و سیاسەت لە روانگەی ڤیبەرەوە ئەوەی کۆمەڵگا پێکدێنێ، خەڵکانی واقیعن کە لــە شــوێنە راســـتەقینەکاندا دەژیـــن. ئەڵبـــەت دیـــاردە کولتوورییەکان و رێکخستنە یاسـاییەکان و ئۆرگانــە کۆمەلایەتییە جۆربەجۆرەکان لە چەشـنێك پێکهـاتی لۆژیکی و یاسای گۆهارتن کــەڵك وەردەگــرن. بــەلام ئەم دیاردەگەلــە لــە خــۆڕا نایەنــە گۆهــاڕتن و هــەر چەشنە گۆڕانێك لەواندا گرێ دراو بــەهزرو کــردەوەی کۆمەلایەتی تاکەکانە، کە لە گۆڕەپــانی فاکتەکانــدا دەجووڵێنەوە، بەڤێ ئاوایە دەبێ ببێــژین کــە ڤیبــەر درومــی مــارکێزی ئاوەهــا لــە میتۆدۆلــۆژی خۆیــدا پەســەندکرد. کــە (گــەلان خۆیــان مێــژووی خۆیــان پێکدێنن). بەلام لەو شتەی کە پێکی دێنن دڵخـۆش نین ئەو لە هەمبەر داهێنەرانی ئایدیالیستی ئەڵمانیا کــە بــۆ زایەڵــەی بــوونی کۆمــەڵگا تەمــسیلاتی ئۆرگانیــك یــان رۆحــی جیهانییــان دەهێنایــەوە رادەوەســتاو بــڕوای وابــوو کــە کۆمــەڵگا بەرهــەمی کۆبوونــەوەی گروپگەلێکــە لــە ژنــان و پیــاوان کــە پێکەوە دەژین. ئەڵبەت هیچ کۆمەڵگایەك هاورەنگ نییە، بەڵکو لەدابــەش بــوون و گرووپــە جۆربــەجۆرە کۆمەلایەتییـــەکان، بـــەڕای ڤیبـــەر توێژبەنـــدی

کۆمەڵایەتی، سنوورێکە کە گرووپە جۆربەجۆرەکان لە یەك جودا دەکاتەوەو ئەو دەرفەتە بۆ ڤەکۆڵەر دەرەخسێنێ کە بیان بینێ، لەلای ڤیبەر، چاندو ئابووری و سیاسەت سێ هۆکاری گرینگن کە گرووپە مرۆڤییەکان پێکەوە دەبەستنەوە بۆ وێنە لەبەرئەوەی دابەشبوونی کاری کۆمەڵایەتی هەیە، تاك دەتوانێ کاری خۆی لە کۆمپانیا بفرۆشێ و هاوکات و شێوازی بەکارهێنانی مووچەی ئەو لەسەر بایەخی شت و مەك کاریگەر بێ. هەروەها تاك باج و ماڵیات دەدات و لەشەڕێکی دووردا کە بەئیرادەی ئەو نەبووەو بگرە دژ بەویستی ئەو هەڵگیرساوە دەبێتە قوربانی و بنەماڵەکەی لە مەراسیمی دفن کردنێك کە بەرهەمی داهێنراوی کارگێڕانی کڵێسەیە، بەشدار دەبن، هەر کام لەم پرەنسیپە کولتووری و کۆمەڵایەتیانە لەسەر هەڵسووکەوتی تاکەکان کاریگەرن و خوڵقێنەری هەلومەرجێکن کە بەستێنی ژیانی ئێمە پێك دێنێ و دەبێ بەهۆی تەکوینی شێوازی رامانی هەمەلایەنە لە ئێمەدا. پێویستە بوترێ کە کاریگەرێتی هەلومەرج لەسەر مرۆڤەکان وەکیەك نییە. بۆ وێنە دۆخی ژیانی کوڕە سەرمایەدارێك وەکو هەلومەرجی ژیانی کوڕی وەزیرێك نییەو هەروەها جیهانبینی هاوولاتیەکی سانا لەگەڵ رێبەری پارتێکی سیاسی یەك ناگرنەوەو هەروەها خاتوونێکی پاکداوێن لەگەڵ تاکە رۆشنبیرەکاندا جیاوازە بەڤێ ئاوایە، دەتوانین بڵێین توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە گرووپێك لە تاکەکانی مرۆڤ کە بەبنەڕەتی کۆمەڵگا دەژمێردرێن. دەبێ ئاماژە بکرێ کە لە دەمی ماکس ڤیبەر بەم لاوە لەم بوارەدا لێکەرینی زۆر ئەنجام دراوەو روون بووەتەوە کە لە ئاوەها گرووپە کۆمەڵایەتییەکدا کە پەیوەندیگەلی رووبەرو هەیە، خەڵکی ئەو هەڵەیان بۆ دەرەخسێ کە شوناس و بایەخەکانی خۆیان پەیدا بکەن و بەجیهانبینییەکی تایبەت بگەن. لەسەر ئەو ئەساسە چەند رەنگی بوونی کۆمەڵگا بەرهەمی دامەزراوەگەلێکە وەك دامەزراوەی بازرگانی و دامەزراوەی دەوڵەت و بایەخە کولتوورییەکان و دەزگای ئایینی و فێرگەیەو گرووپەکان لە رێگای زنجیرەیەك لەم دامەزراوەگەلە بەیەکترەوە گرێ دەدرێن وکۆمەڵگا دەخوڵقێنن. هەرچەند ئەم پرسیارەی دانەهێنا کە مەتریاڵی پێکهاتەی کۆمەڵگا چییە؟ بەڵام ئەوەی فامکرد کە کۆمەڵگا مرۆڤییەکان لە درێژەی جووڵانەوەی خۆیاندا تووشی گۆڕان دەبن. هەروەها لە خوێندنەوە مێژووییەکانی ئەوەی وەرگرت کە شەڕو پێکدادان بوونی هەیەو گۆهارتن و بەسەرداداان و لەنێوچوونی کۆمەڵگا کارەساتێکی چاوەڕوان نەکراو نییەو هەروەها پەرەسەندنی بازرگانی و جیایی نێوان ئایین و هونەر، لە ئەزموونە درێژخایەن و کورت خایەنەکانی مێژوون دێن و تێدەپەڕن. بەڵام ئەوەی پاش ئەم گۆڕانانە دەمێنێتەوەو بنەڕەتی کۆمەڵگا ساز دەکات، گرووپە

مرۆڤییەکانن کە لەبەر تیشکی دەزگای باوەڕپێکراوی هاوبەش و پێکهێنانی بنەماڵەو حزبایەتی و هەڵگرتنی دروشمە ئایینییەکان و پەیوەندیکردن بەیەکترو دۆستی و دروستی کردنی کۆمەڵەکان بەیەکترەوە گرێ دەدرێن و دەمێننەوە. لەم سۆنگەیەوە دەتوانرێ بوترێ تیۆری ڤیبەر شتێك نییە جگە لە سازبوونی گرووپە مرۆڤییەکان، ئەڵبەت ئەو حاشا ناکات لە موتیڤاسیۆنگەلانە وەك پێویستی خواردن و حەسانەوەی مادی لە ترسی مردن و راکردن لە ئێش و رەزامەندی لە پەیوەندییە جنسییەکان و پێویستی بەئەندامبوون لە کۆمەڵگاو گەیشتن بەپێگەیەکی کۆمەڵایەتی و وەدیهێنانی جیهانبینی یەکی (یەکە)و مانادار سەبارەت بەبوون.

## رێکخستنی کۆمەڵایەتی

ڤیبەر لە رەوتی ڤەکۆڵینەکانی خۆیدا ئەوەی بۆ دەرکەوت کە خەڵکی هەمیشە بەدوو شێوازی گشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان دەبەستن.

یەکەم: لە رێگەی سازکردنی پەیوەندییە تاکەکەسییەکان، دووهەم لە رێگەی دانانی یاساو پرەنسیپە گشتییەکان. ئەڵبەت ئەم بۆچوونە لەگەڵ نەوعێکی ئایدیالی Ideal type دایەو بەم مانایە کە لەوانەیە لە گۆڕەپانی واقیعدا و لە دەزگایەکی کۆمەڵایەتیدا، تۆخمگەلێ لە هەردوولا پەیدا ببێ. سەرەڕای ئەمانە ڤیبەر کۆمەڵگا ترادیسیۆنیەکان لە جەمسەری پەیوەندییە تاکەکەسییەکاندا دەبینێ و کۆمەڵگا نوێکان لەهەمبەر ئەوا دادەنێ. ئەم کۆمەڵناسە هەروەها کۆمەڵگای جۆری یەکەم وەکو دەزگای باوکسالاری یا باوك شایی (Patriarchy) یا Patrimonial ناوزەد دەکات و جۆری دووهەمین وەکو دەزگایەك لەسەر بنەمای بیرۆکراتیدا دەنێت. لە بیرمان نەچێ کە هاوکاری ڤیبەر، فێردیناند تۆنیز ( Ferdinand Tonnies) ئەم جیاوازییە لە ژێر ناوی کۆمەڵ (geainscaft) و کۆمەڵگا (Geselsxhafe) پۆلینبەندی دەکات.

دەزگایەك کە لەسەر بنەمای پێوەندییە تاکەکەسییەکان هاتووەتە ئاواکرن، لەگەڵ بنەماڵەدا دەست پێ دەکات کە نموونەی ئەو لە چین و رۆم و ئاشوری کەون بەدی دەکرێ. لەم دەزگایەدا خان یا پاشا بەهاریکاری لەگەڵ کوڕان و براکانی خۆی لەسەر کۆمەڵگا حوکم دەکات و کاری وەرزێری و بازرگانی و شەڕو کۆکردنەوەی باج و خەراج لە ئەستۆی خۆیەتی و خەڵکی هەمووان رەعیەت و بەندەی ئەون، ئەڵبەت کۆنترۆڵی ئاوەها دەزگایەك کارێکی سانا نییە، لەبەرئەوەی پێوانەیەك بۆ کارەکان نییەو کەسیش زمان بۆ رەخنەگرتن ناکاتەوە. ئەو دەنووسێ کە بەشێوازێکی بەربڵاو

دەزگا بیرۆکراتییەکان بۆ یەکەم جار لەسەدەکانی ٧١-٨١ی زایینی لە فەرانسەو ئەڵمانیاو روسیا سەریان هەڵداو گەشەیان کرد. لە سەدەی نۆزدەهەمدا فرەیەك لە کۆمەڵگاکان پەیڕەوی ئەم دەزگایە بوون، لەبەرئەوەی بەسەرنجدان بەپێویستی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی و ئالۆزبوونی ئۆرگانی کۆمەڵگا، بیرۆکراتی نویٚ زۆر پێویستبوو. پەسەندکرانی دەزگای بیرۆکراتی لەلایەن گشت کۆمەڵگاوە، بووە هۆی ئەوەی کە ڤیبەر ئەو شتە بە رووداوێکی مەزنی مێژووی نۆژەنی ئەوروپا بێنێتە ئەژمار لەگەڵ ئەمەشدا، ئەوە دەگەیەنێ کە بەهۆی نەبوونی هەلومەرجی پۆزەتیڤەوە، بیرۆکراتی درەنگ سەری هەڵداوە. بوونی گرووپە نۆژەن و لێهاتووەکان، رەواجی دەزگای ئابووری پارە، کەرەستەی پێشکەوتووی راگواستن و پەیوەندییەکان، بڕێ لە هەلومەرجی ئەساسی بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکراتی دێنە ئەژمار.

**سیاسەت**

رامیاری شەڕێکە لەسەر کۆنترۆڵی دەوڵەت یا دەزگای بەکارهێنانی زۆرو گووشار لە کۆمەڵگادا. دەزگا سیاسییەکان سێ فاکتەر پێکیان دێنێ. هۆکاری یەکەم گرووپگەلێکن کە لەسەر دەسەڵات وەدەستهێنان و هێز دەکەونە گیانی یەکتر. هۆکاری دووهەم رێکخستنگەلێکن کە بەکەڵك وەرگرتن لەوان دەسەڵات وەدەس دێ و بەکاردەبرێ، لە ئاکامدا هۆکاری سێهەم، ئامانجگەلێکن کە بەئوتۆریتەی خاوەن دەسەڵات رەوایی دەبەخشن. ڤیبەر سەبارەت بەشەرعیەتی دەسەڵات دەبێژێ: خەڵکی لەو دەمەیدا کە دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەپێش چاوە، گرێدراوی هزرو ئارمانگەلێکی کە ئامادەن هەرکات پێویست بوو لە رێگەی وەدەس هێنانیدا خەبات بکەن و بگرە گیانی خۆشیان بەخت بکەن. بەڵام ئامانجەکانی کۆمەڵگاکان وەك یەك نیین و هەر لەم سۆنگەیەوە ئێمە هەرگیز ناتوانین کۆمەڵگا بە زۆر رابگرین یا بێ دەنگی بکەین و لە نێوی بەرین، ئاشکرایە کە دەسەڵاتێکی سەربازی دەتوانێ لەبەرانبەر خەڵکی بێ سیلاح رابوەستێ و ئەوان بخاتە ژێر هێژموونی خۆی. بەڵام لە سوپادا بەپێی پێویست یەك فەرماندار بەهێزترین کەس نییەو لەوانەیە بگرە سیلاحیشی پێ نەبێت، راستی چی دەبێ بەهۆی ئەوەی کە ئەوانی تر لە نا فەرمانی ئەو بترسن؟ هۆکار ئەوەیە کە ئەگەر یەك کەس بێ ئەمری بکات و ئەوانی تر بەئەمری ئەو بجوڵێنەوە، ئەو تاکەکەسە تیرباران دەکرێ. لەوانەیە ئەم پرسیارە زەق بێتەوە کە بۆچی هەموو تاکەکان بێ فەرمانی ناکەن؟ وەڵام ئەوەیە کە ئەگەر ئەوان دەخوازن لەگەڵ یەکتردا کار بکەن دەبێ بەپێی پێویست رێکخستنێکی کۆمەڵایەتیان هەبێ. ئێستا کە بەبێ بوونی رێکخستن کارەکان جێبەجێ نابێت، ئەم پرسە دێتەگۆرێ، کە کێ دەبێ تاکەکان رێبەری بکات و دەسەڵاتی ئەو دەبێ چۆن بەکاربهێنرێت؟ لە روانگەی

ڤیبەرەوە ئەگەر کۆی خەڵك بەشەرعیەتی دەسەڵات بڕوایان بەدەسەڵات هەبێت، بەکارهێنانی گووشار و زۆر کارێکی ڕەوایە.

بەڵام ئەوەش دەزانین کە کۆمەڵانی خەڵك هەمووکات گوێڕایەڵ نین و لەسەر ئەو بنەمایەش ئۆتۆریتەی ڕێبەرایەتی بڕێ کات شەرعیەتی هەیەو بڕێ کاتیش شەرعیەتی خۆی لە دەست دەدات. ڤیبەر لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی خۆیدا بەسێ چەشن شەرعیەت ئاماژەی کردووە:

یەکەم: شەرعیەتی ترادسیۆنی: بەم مانایە کە خان یان حاکم دەسەڵاتی خۆی بەکاردێنێ لەبەرئەوەی لە بنەماڵەیەکی حاکمدا لە دایکبووە. سەرەڕای ئەمە بڕێ کات تاك لای وایە کە بەهۆی مافێکی خوداییەوە لەسەر خەڵکی سەروەری دەکات یا شورای قەبیلە بۆ ڕێبەرایەتی هەڵیبژاردووە. جۆری دووهەمی شەرعیەت بۆ ئۆتۆریتە هەڵدەگەڕێتەوە، کە سەرچاوەی لە کاریزمادایە.

ڕێبەری کاریزماتیك (Charismatic) وێدەچێ بەشێوەی پێغەمبەر یان یەك قارەمان سەرهەڵبدات و کەسایەتیەکی گشتی و خەڵك ویستی هەبێت و دابونەریتە کۆنەکان هەڵدێڕێ و ئیلهامات و هزرەکانی خۆی لە جێگایان دابنێ. خەڵکی لەو ئالییەوە پەیڕەوی ئاوەها ڕێبەرێکن و بەئۆتۆریتەی ئەو شەرعیەت دەبەخشن کە پێیانوایە ئەو ڕێبەرە خاوەن تایبەتمەندییەکی ئاکاری بێ وێنەیە. جۆری سێهەم، شەرعیەتی گرێدراو بەئۆتۆریتەیە کە وەکە پێ بەندە بەبنەمای (یاسای ئەقڵی)یەوە. بەم مانایە کە ڕێبەری کۆمەڵگا لە ڕێگەی یاساو بەشێوازێکی شەرعی بیروکراتیك هەڵەبژێردرێ. ئەو دەبێژێ کە هەریەك لەم سێ شەرعیەتە بۆ خۆیان ڕێکخستنێکی سیاسی تایبەت فەراهەم دەکەن. بۆ وێنە دەسەڵاتدارانی ترادسیۆن ڕێکخستنی باوکسالاری پێکدێنن. ڕێبەرانی کارێزماتیك، لایەنگران و موریدانی ئامادەن بۆ قوربانی و کەسانێکی تر کە بەهیچ شێوازێك ناکەونە ناو بازنەی بیرۆکراتیکەوە لە خۆیان کۆدەکەنەوە. بەڵام ڕێبەرە یاساییەکان بەتەنیا لە دەزگای بیرۆکراتیکدا مەجالی سەرهەڵدانیان دەبێت. بەشێوازێکی گشتی ڤیبەر، ماندوونەناسانە تێکۆشاو دەیویست مانای کردەوەی کۆمەڵایەتی بدۆزێتەوەو هەر لەم ڕوانگەوە بەتوندی هەوڵی دەدا تا پەیوەندی نێوان کردەوەی کۆمەڵایەتی و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان یا پێکهاتێك کە لەسەر ئەساسی ئەم کردەوانە دەرك بکات، ئەو بڕوای پەیدا کرد، کە دەزگا کۆمەڵایەتییەکان تووشی گۆڕان دەبن و پێواژۆی ترادسیۆنی تێدەپەڕێنن و دەربازی قۆناغی نوێ دەبن کە قۆناغی عەقڵییە. لەمەش زێدەتر ئاشکرای کرد، کە کۆمەڵگا بەگەیشتن بەپێواژۆی پیشەسازی و بەئاکام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە، عەقڵی ترو بیرۆکراتیك تر دەبێت و هەروەها پێشکەوتن و کێبەرکێ لە نێوان خەڵك زێدەتر دەبێت بەوتەیەکی تر ئەو هەوڵی دەدا تا هۆکانی پێوەندی نێوان بایەخە مرۆڤییەکان و پێکهاتی کۆمەڵایەتی بدۆزێتەوە لەبەرئەوەی لە دوای مانای کردەوەی

کۆمەڵایـەتی دەگـەڕا، لـە میتۆدۆلـۆژی خۆیـدا تـەنیا بەشـێوازی ڕاڤـەی ئامـاری و هۆکـاری ڕازی نـەبوو، تاکتیکێ تری لەژێر نـاوی فـامکردنی مانـای کـردەوەی کۆمەڵایەتی و فامکردنی پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤی هێناو بەشی میتۆدی یەکەمی پێ ساغ کـردەوە. ڤیبـەر تـەکامولی کۆمەڵایـەتی لـە ئاراسـتەی پێـشکەوتنی بیرۆکراتی و ڕەواجی ئەقڵخوازیـدا دۆزیبـەوە. بیرۆکراتـی لەسەر بنەمای یـەك لـە دوای یـەك بـوونی پێکهـات و ڕێساگەلی ڕوون و هەڵگرتنی دۆکیۆمێنت و دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی و شارەزاییە. هـەروەها ئاکـامی ئـەم هەڵومەرجە شتێك نییە جگە لە جیاوازی کۆمەڵایـەتی و نـاکۆکی چـینایەتی، پێکـدادان لـە نێـوان بیرۆکراتـی و دیموکراتی، پەرەپێدانی ئاوەزخوازی و ئۆرگـان سیاسـی و ئـاینی و پەروەردەییـەکان. لەسـەر ئـەو بنەمایـە تەشەنەسەندنی بیرۆکراتی لەلایەکەوە بۆتە هۆی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی زۆرترو پەرەپێدانی پەیوەندییە فۆرماڵـەکان. هەروەها کە دەزانین ڤیبەر لەسەر کۆمەڵناسی هاوچـەرخ مـافێکی گـەورەی هەیـە. پارسـۆنز (Parsons) کۆمەڵناسی ئەمەریکی بەڕێکوپێك کردنەوەی دووبـارەی چەمکی کردەوەی کۆمەڵایەتی، تیۆری فۆنکسیۆنی خۆی لەسـەر ئـەو بنەمایـە دانـاوە. ئـەم تیـۆرە لەبەرئـەوەی ماهیەتێکی پارێزگارانەی هەیە، زێدەتر لە نیو سەدە لـە گۆڕەپانی هۆکار دۆزینەوەی کۆمەڵایـەتی لـە ڕۆژئـاوادا دەوامی هێناوە.

## ژێدەرەکان


1- Peter winch, The Encylcepedia of philosophy, volume 8, pp. 282-285.

2- Max Weber, The Theory of Social and economic Organization by: M. Henderson. pp. 8-18, 1974.

3- Max Weber, Economy and Society p. 116.

4- Tom Biltmore and Robert Nesbit, A history of Social analysis Heinemann, pp. 149-162. 1979.


## ژێدەرە ئێرانیەکان


١- تیـۆرە بنەماییـەکانی کۆمەڵناسـی - لـوئیس لۆزێرو ڕۆزنبێرگ، ڤ: فەرهەنگ ئیرشاد ل: ٥٤٢- ٥٦٥.

٢- تیۆرەکانی کۆمەڵناسـی، تەوەسـولی - بەشـی ڤیبەر.